
# بەسەرکردنەوەی یاری زانی کورد لە هەندەران



یاری زانێکی هەڵکەوتووی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات (کوردستانی ئێران) کە لە یەکێك لە پلە نایابەکانی سوید یاری دەکات وە زۆربەی جار لە ڕۆژنامەکانی سوید باسی لێکراوە کەوا یاری زانێکی هێرش بەری بە هەڵمەت هێرش دەبات لە (یانەی ئێرۆبرۆ) پلە نایابی سوید.



ئەنوەر * ناو و نازناوت چییە، لە کوێ لەدایك بوویت لە چی ساڵێکدا؟
وەلام. . . ناوم هێرش کوبییە، لە 21 / 3 / 1981 لە دایك بووم لە کوردستانی ڕۆژهەلات لە شاری مەهاباد، ناز ناویش لە خێزانەکەمەوە بۆم ماوەتەوە، کوبی واتە شاری کۆیە ناگرێتەوە.

ئەنوەر *لە ساڵی چەند دەستت بە وەرزش کردووە، یەکەم تیپ کام تیپ بووە؟
وەلام. . . من لە تەمەنی 12 ساڵیدا دەستم بە فوتبوڵ کردووە، یەکەم تیپیش تیپی نەوجەوانانی لیڤالا بووە پاشان چوومەتە تیپێکی ترەوە لە هەمان شار بەناوی لۆکەفون بووە پاشان چوومەتە یانەی ئێرۆبرۆ کە پلەی نایابی سوید بوون لە هەوەڵدا لە گەڵ لاوانی یانەکە یاریم دەکرد پاشان ڕاهێنەر هەڵیبژاردم بۆ تیپی یەکەمی یانەکە.

ئەنوەر * لە ساڵی کەی هاتن بۆئەوروپا؟
وەلام. . .لە ساڵی 1991 دا بە ماڵەوە هاتین بۆ سوید.

ئەنوەر * چۆن بوویت بە یاری زانێکی هێرش بەر کێ بڕیاری دا لە سەرت کە لە هێڵی پێشەوە یاری بکەیت؟
وەلام. . . من خێرا ڕادەکەم و گۆڵکەریش بووم پاشان ڕاهێنەر وای بە باش زانی کەوا لە هێڵی پێشەوە یاری بکەم هەرچەندە کەیفی خۆشمی تێدا بوو.

ئەنوەر * هیچ کات بووە هەڵتبژێرن بۆ هەڵبژاردەی گەنجانی سوید؟
وەلام. . . بەڵێ هەڵیان بژاردوم بەلام لەبەر نەبوونی پاسپۆرت نەم توانیوە سەفەریان لەگەڵدا بکەم بۆ وولاتانی ئەوروپا.

ئەنوەر *مرۆڤ چۆن دەتوانێت ببێت بە یاری زانی پلەی نایاب؟
وەلام. . . دەبێت زۆر هەوڵ بدەیت و گوێڕایەڵی ڕاهێنەر بیت و بەهرەش زۆر دەور دەبینێت لە پێشکەوتندا
چونکە زۆر جار زیاتر لە 20 یاری زان بەیەکەوە مەشق دەکەن تەماشادەکەیت چەند کەسێکی کەمیان یاری زانی باشیان لێدەر دەچێت، ڕاهێنەری باشیش زۆر دەور دەبینێ.




ئـەنوەر * ئـەگـەر هـەڵبـژاردەی كوردستان پێویستیان پێت بێت یاریان بۆ دەكـەیت؟
وەڵام. . . زۆر زۆر بـە خۆشحاڵیـەوە ئامادەم رۆژێ لـە رۆژان یاری بۆ هـەڵبـژاردەی كوردستان بكـەم.
ئـەنوەر * چی یاری زانێكی جیهانت بـە دڵـە؟
وەڵام. . . ئـەدریانۆ و رۆناڵدینۆ چونكـە زۆر بـە مێشك یاری دەكـەن و زۆریش بـە توانان

ئـەنوەر * تا ئێستا چـەند گۆڵت كردووە لـە پلـە نایابـەكانی سوید؟
وەڵام. . . هـەشت گۆڵم تۆمار كردووە و زۆر گۆڵیش بـە یارمـەتی من بووە.



ئـەنوەر * خێزان و منداڵت هـەیـە؟
وەڵام. . . خێزانم هـەیـەو كوردیشـە بـەڵام جارێ منداڵمان نییـە.
ئـەنوەر* دوا ووشـەت چییـە بۆ یاری زانانی كورد لـە كوردستان و هـەندەران؟
وەڵام. . . زۆر كـەیفم بـەوەیـەت كـەوا یاری زانی كورد لـە هـەموو یانـەیـەكی ئـەوروپی بـە دەر كـەون وەك یاری زانانی وولاتانی كـە، دەبێت زۆر خۆیان ماندوو بكـەن و زیاتر هـەوڵ بدەن دەبێت زۆربـەی خۆشی ژیانیان بخـەنـە ئـەولاوە بۆ پێشكـەوتنی یاریـەكـەیان زۆریش تـەماشای یاریـەكانی ئـەوروپا بكـەن تاوەكو سوودی لێوەر بگرن.
ئـەنوەر * لـە كۆتای ئـەم گفتوگۆی تـەلـەفونییـە زۆر سوپاستان دەكـەم بـە ناوی خۆم و سایتی كوردستان نێتـەوە
هیوا دارین زیاتر پێش بكـەویت بۆ بـەرز كردنـەوەی ناوی كوردستان لـە ئـەوروپا و جیهاندا.

ئـەنوەر خـەراجیانی / پـەیام نێری كوردستان نێت
یاری زانی پێشووی هـەڵبـژاردەی
سولـەیمانی


storget.


16
2